# 'جیاواز لە خۆم
# جیاواز لە خۆت. .'

رێباز مەحمود

بەبێدەنگیت ئەسپێرم،ئەی ڕۆح
ئەی هیلاکترین موسافیر. . . هۆ گەڕیدەی ناو شارە
هەرە قەرەباڵغەکانی بێمرووەتی!
لەسەر ئەم ڕێگا قەدیمی‌یەی جاراندا،
ماڵئاوایی لەیەکتر ئەکەین . .
تۆ. بۆناو ئەو تەمە گەرمەی،
شاخەکان لەناویا نووستون
من ـ بۆناو ئەو ڕووناکی‌یە ساردەی،
یاساوڵەکان تیایدا بەخەبەرن!

ڕۆحم، لەودیو ڕاڕەوە پڕ هەراو زەناکانی تەمەنەوە
لەتەنگەبەری کۆلانەکانی دەرفەتو
قەدو باڵای درەنگو زوویی ورد ئەبێتەوە
جارێک گریانو . . جارێک پێکەنین
پەنجەرەی موشتاقی
بەڕووی . . ئەم ئێوارە درەنگ وەختەیدا ئەکاتەوە
تەمەن، کە جێدەمێنێ
زەمەن، لەژووری هەناسە بڕکێو. لەسەر تەختەخەوی



زانینێکی ڕەنگ ئەرخەوانی ساردەوە
دڵی لێی ئەچێ!
ڕۆحم،
شێوەیەکە لەسێبەر
لەناو هەتاوێکی بێئاماندا ڕاکشاوە ..
هەورێکە لە حەنانەت،
بەجلەوە خۆی دەکات .. بەگۆمی پێشوازی تینوێتی‌یا
ئاگرێکە لە بێداری
بەسەر لوتکەی مۆمێکی تەنیاوە بۆخۆیی‌و
بۆبێدەنگی ڕەزاسووکی شەو
گۆرانی ئەڵێ .
لای ژاکانی گوڵە نێرگزەکانی تەمەنناوە
بەتەنیا دەست ئەنێتە دەستی شنەبایەک لەئارامی‌و
بەڕێگا پێچاوپێچەکانی بیرچوونەوەدا،
بەرەو لای نەزاکەت پێهەڵدەگرێ ..
بەردە وردەی ناو حەوزی
مەنگی هێمنی دەرئەهێنێ‌و
سەرئەدا لەوئێوارەیەی
حاڵی نەبوو .. لەسەرلەقاندنی شۆڕەبی‌یەکان
لەحەنای خوێندنەوەی
وتارە سەر پێیی‌یەکانی (با)!
پەلەکردن ڕادەگرێ‌و

www.kurdistannet.org

ڕاكردن- ئەهێنێتەوە بۆلای بێنازی(جێمان).
چاوی دەبڕێتە چاوی خۆشەویستی.
باسی كانیاو
بۆ تینوێتیـیە گیان تیاماوەكانی،
ژێر داروو پەردووی كارەسات ئەكات
بێحورمەتی ڕەشەبا لێک ئەداتەوە
بۆئەو حەوشە دڵسافانەی سنگومەمكیان
ڕوو لەچاوەڕوانی فێنک بوونەدا
ئاواڵا كردووە.
لەتەک دڵی دایكمدا،
منو(ئەو) بەبانگهێشتی فەسڵێكی تازە
بەڕێگا سەوزو ئاوەدانەكانا. . دەباتە گەشتێكی ناو
لەوحەیەكی تری پڕ سەمای مۆسیقاو
شكۆفەی خولیا
لەوسەری هیلاكی باوكمدا ڕاوەستاوەو
بەر لەدەنگی ڕەقی،بەرداشی دژواری ئەگرێ.
ئاخر سبەینێ گوناهی چیـیە؟
خۆر. . . چ خەتایەكی كردووە
لەگۆمە ساردەكانی نیەت خراپیو
لەدیدارە لەگۆچووەكانی بێڕەحمیدا
بەم شێوەیە. . منالێتی ترپەی دڵی،
هەروا بخنكێ!

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

ڕۆحم،
زۆر لەدواوەیە، زۆر. .
هێشتا تەرمی ئەهلێک لەوروژانی عاتیفەو
پێهەڵگەڕانی ئەو بە جەهەنەمی ژیانا،
بەیەکدی نەگەشتوون!
هێشتا ئەگەڕێ،
لەجێمانی ئەو ئاهانەی کەس ئاوڕی لێ نەدانەوەو
کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە. . .
لەمردنی ئەو کانییانەی ،لەسەرەمەرگیشا
کەس قومێ دڵنەوایی لەسەر لێو نەنان.
یاریەکان و
ئیقاعی سۆزی دایکم کۆ ئەکاتەوە،
تا بیداتە دەستی کراوەی ئەفسووس. .
لەوێوە دەست پێئەکا
هەموو جارێک بەرچنەیەک ڕووناکی
پڕ دەکات لە بێدەنگیم
بۆڵەترێی،
لەزەتە تام نەکردووەکانم
لەگوپەکانی ئەنێو. . بەسەر ئەستێرکی ڕامانەوە
تاوێک لەبەر کزەی عومرێک مەینەتی باوکمدا
دائەنیشێ!
ڕۆحم. . ڕازی نییە

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

شوێن جەستەم کەوێ بەرەو کۆتایی.
ئەو لە بەرزاییەکانی یەقینەوە .. نەرم نەرم
دێتە خوارێ
بەرەو ئەم وێران بوونەم .
لەبەر تیشکی ئازارا
لەدەستە ڕەشەکان وورد ئەبێتەوە ..
ئەم کەلاوەیە بە چ خەتێک نووسراوەتەوە؟
ئەم چۆڵەوانییە،
بەکام دەستو پەنجە ڕەسم کرا؟
ڕۆحم منالانە،
ژێر دیوارە ڕماوەکانی کارەسات ئەگەڕێ
لەدووی وەلامێکا
کە ڕەنگە،
نەمردبێ ..!

Hull-england
rebazmahmud@hotmail.com

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org